# له بەهەشتی عەشقێکی ئاوەژوودا چیت لێمدەوێ چی!؟

حەمەشوان شەریف
hamashwan1@hotmail.com...
پایزی 2004

من دەترسم ڕۆژێک دابێت
ناسکترین گوڵی سەرەڕێگەکانی دڵداری بوەرێت و من بێ گوڵبم
ئاهی ئەوکیژانەش لەم دونیایەدا بناڵێنێ وغەرقی تۆفانی گڕبن و
لێویان بۆنی ماچێک نەکا .
لەم سەرەڕێگایەدا
لەگەڵ تاکەترین هاوڕێم کە(بـــــا)یـــە ماوەیەکە نەدواوم
تۆبڵێی
دارستانی سەرەڕێگای ئەو پیاسانە بەئێواران ماندووبووبێ و
تەوێڵی ئەوکوڕانەی زیندانی شکاوی دەستی ڕۆژگارێکن
نەتوانن باران ببارێنن
بۆ قیامەتێک کەگوڵ بەدرەختەکانیەوە نەمابێ ..
دەترسم چـیـتـر
پێکەنینێک خۆی لەباڵای خۆزگەیەک نەخشێنێ و
بەپلوسکی کزنگێکدا ئومێدێک شۆڕنەبێتەوە و
سەرما دڵی هەمووان لـــەتکا
هەنوکە هەر ئەترسم لەسێبەری ئەم دواڕۆژە
ڕوداوەکان نزیک دەبینم و
دوورەکان خوێن دەڕژنە یەکەم بستی زەوی مناڵیم
ئـــەوانەی تۆ نایبینی لەخۆشترین ڕۆژتـا . برینیان کردۆتە من

لەسەر خوانی ئـــەوگومانەی
ترێی شیرینی خواردم بەیەقین بووم دوێنێ !..
بەرلەوەی تاریکایی بم پـــێچێتەوە
شتێک دەڵێم نــــەوترابێ !
بـــەر لـــە من ووتی :-
مـــردن تـــۆ بڵێی بمرێ !
گەر مردیش دەبێ چ تابوتێکی بۆ دابتاشرێ
یەکەم کەس کێیە دەچێتەژێربالی تابوتی مردنەوە !؟.
بە بزەیەکەوە وتم :
منم . مـــنی لەت
منێ دڵم لە لەشما جێی نـــابێتەوە
دەزانم بۆ هەموتان ئازارم خواردوە
بەڵام نەوەیانم نەدیوە کێ غەمی خواردوم .
بیرمـــە
هەرزەیی لەچاوما دەڕژا دایکم مرد
خەتی سمێڵم دانابوو
سۆز لە ناو مشتما گرمۆڵەبوو نەموێرا بیبەخشم
لەشارێکی ڕژاو لەشاعیر و دەستەمۆ بە بـــەفری شنروێ
بەچڵی ئێوارەیەکەوە مامەوە دەنا بەگەرداوی سێو دەمردم
ئـــــا من منی سێبەر وەک ئاو لەتەنیشتەوە دەڕۆیشتم
بڵێ . چیت لێم دەوێ
بە ئاوەژوو دواڕۆژ دەخوێنمەوە
میلەتێکین بەبەفر لەهاویندا نوسراوین گوناه
گەلێکین کوکوختی ئاسا بۆ هەموان دەخوێنین
خەڵکێکین سەرمان لەبەردو دڵمان لەپەشمەک چنراوە
من حەوسەڵەی ئەوەم نەماوە لەسەر ئازادی بڕێسم
چی - چیت لێمدەوێ

سۆزم بەرگەی ئەم ڕێگەیەنـــاگرێ
بەرلەوەی پەشیمان ببمەوە .دەبێ بمبوری
ئەوەی پێتدەڵێم بینووسە :-
بەهەشتی ڕوخاو نابێتە هێلانەیەک بۆ داڵدە
هەتا ژوان ماوە دودڵداری تر نــــابینێتەوە لای ئەو یەک ببینن
کات خۆی پێچاوەتەوە و دەڕوا
ساڵێک نیە وەک وەرز دووبارەبێتەوە
خێراکــــە
بڵێ چیت لێمدەوێ
تا لەناو گوڵەکانی ئەم ئەوینە خەمناکەدا
کاڵنەبوومەتەوە
تا لەناو هەناسەیەکا نەمەیووم
بڵێ ! بــا بۆ دوادیدار لەلام بمێنێتەوە
شتێکم بێبڵێ با تاماوم
لەباتی گوڵ ئازاردەرکەم
بێدەنگ مەبە هەرشتێ بڵێ شت * بۆ دارو بەرد

***